# جولەکە لەڕوئیای عەرەبی و کوردییدا. . . ستیڤان شەمزینانی



لەم دواییانەداو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی (سایمۆر هێرش) لە (نیۆرکەر) لەمەڕ تەواجودی ئیسرائیلییەکان لەکوردستان، میدیا عەرەبییەکان ئەم هەواڵەیان قۆستەوەو بووە سۆبژێکتێکی گرنگ بۆیان تا دوژمنایەتی گەلی کوردستانی پێ بکەن و شەقامی عەرەبیی هان بدەن بۆ دژایەتیکردنی کورد، سەرکردایەتی سیاسی کوردو میدیا حیزبی و سەربەخۆکانیش بێدەنگیان لەبەرامبەر ئەم حەملە راگەیاندییە هەڵبژاردو هیچ دەنگیان لێوە نەهات، جگە لەو دەنگە نوزەڵەیەی سەرکردایەتی کورد کەجاروبار بۆ پاکانەکردن بەرز دەبێتەوە.
من کارم بەسەر ئەوەوە نییە هەواڵەکەی ئەو رۆژنامە نووسە راستە یان نا، من دەپرسم بۆچی کورد هێندە سڵ لەجوولەکە دەکاتەوە؟ بۆچی ئەوەندە پاکانە بکەین لەبەرامبەر عەرەب؟ ئاخۆ ئێمە مافمان هەیە چاودێریی عەرەب بکەین کەدۆستی کێیەو دۆستی کێ نییە یان دەتوانین فشارییان بخەینە سەر؟ ئەی کەواتە ئەوان چۆن ئەو مافەیان هەیە؟
لێرەوە هەوڵدەدەین رۆشنایی بخەینە سەر روئیای عەرەبی و کوردی لەبەرامبەر جولەکەو کاریگەریی سیاسی عەرەب لەسەر کورد دەربارەی روانین لەجولەکە.

## روانگەی پان ناسیۆنالیزمی عەرەبی:

لەدیدی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانەی عەرەبەوە جولەکە یەکەمین مەترسییە بۆ سەر قەوارەی عەرەب، چونکە بەبڕوای ئەوان جوولەکە لەکەمیندایە بۆیان و دەیەوێ کار لەدەسەڵاتییان بکات و یەکێتی عەرەب بەرەو لاوازیی و لەناوبردن ببات.
هەرواش کێشەی فەلەستین کە لەڕاستیدا بووە بەکێشەی هەموو عەرەب ئەو رقەی ئەستور کردووە کە لەبەرامبەر جوولەکە هەیانە. بەڵام دەبێ بگوترێ کەململانێ و شەڕی جوولەکە - عەرەب شەڕێك نییە کەسەرەتاکانی بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و کاتی بونیادنانی دەوڵەتی ئیسرائیل، بەڵکو رەگو ریشاڵێکی سەدان ساڵەو بگرە هەزار ساڵەی هەیە، رەنگە لەو ساتەوەختەوە دەست پێ بکات کەپێغەمبەری عەرەب (موحەمەد) جووەکانی (یەپریب) بەنەفرەت دەکات و بەتۆمەتی ناپاکی و پیلانگێریی هەر سێ هۆزە جووەکەی ئەو شارە لەزێدی خۆیان وەردەردەنێ، دیارە ئەمەش لەڕێگەی توندوتیژییەوە بووە، هەر بەپێی ژێدەرە مێژوویە ئیسلامییەکان خۆشیان لەو هەڵمەتانەدا سەدان جوولەکەی (بنی قریقە) زیندە بەچاڵ کراون و ژن و سامانیان بەغەنیمە گیراوەو تاڵانکراوە، دواتریش پێغەمبەر (موحەممەد) وەك سەرلەشکری سوپایەکی دڕندە چۆتە سەر تاراوگەکەیان لەقەڵای خەیبەر، لەوێش کوشت و بڕی لێکردوون و بەناچاریی ئەوە جێگایەشی پێ بەجێهێشتوون.
ئەمە دەریدەخات ئەو ململانێیە ریشەو باکگراوندێکی مێژوویی هەزار ساڵەی هەیەو هەنووکەش هەمان شت بەناوی کێشەی فەلەستینەوە درێژەی پێدەدرێ، کەبەتێگەیشتنی من

دەوڵەتانی عەرەبی هەر خۆیان رێگرن لەبەردەم چارەسەربوونی کێشەی عەرەب - ئیسرائیل بەرێگەی ئاشتی، چونکە مانەوەو رەوایی سیاسی دەوڵەتەکانیان بەندە بەو کێشەیەوە.
ئەوان واتە دەوڵەتە عەرەبیەکان دەوڵەت گەلێکن بەناوی پاراستنی خاکی عەرەب و بەرگری کردن لەناسنامەی عەرەبیی فەلەستین کۆنترۆڵی دەوڵەتیان کردووە بەشێوەیەکی دیکتاتۆریی و پادشایی رەها لەسەرێکی ترەوە لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی فەلەستیندا کە دەبێتە هۆی کرانەوەی دەروازەی دیموکراتی لەناوچەکەدا، فاکتۆرێکی بەهێز دروست دەبێ بۆ لەبەریەك هەڵوەشان و پوچەڵ بوونەوەی ئەو بنەماو پاساوانەی کەرەوایی داوە بەدەسەڵاتی درێژخایەن و دیکتاتۆرییانەی دەوڵەتانی عەرەب، ئەوسا شەرەکە دەچێتەوە نێو ماڵی عەرەب خۆی، واتە شەڕی دیموکراتیزەکردنی ناوخۆو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵك و هەوڵدان بۆ بنیات نانی کۆمەڵێکی مەدەنی و ئاسایی کەتیایدا هاوڵاتیان ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر بکرێ و بەیاساش زامن بکرێ، ئەوکات تاکی عەرەبی ئامادە نییە ئازادی و مافە سەرەکییەکانی دوابخات، چونکێ هیچ هۆکارێکی ماقووڵ و بابەتی بەدیناکات بۆ ئەو دواخستنە.
بەهیچ پاساوێکیش ملکەچ نابێ تا دەوڵەت خەمساردانە بەدیار مافە خوراوەکانییەوە بوەستێ، لەم حاڵەتەدا تاکی عەرەبی خۆی رادەپسکێنێ و داوای ماف و ئازادییە کەسییەکانی خۆی دەکات.
دەوڵەتانی عەرەبیش بۆ خۆدزینەوە لەمەو خەفەکردنی دەنگە ناڕازییەکان هەمیشە تاکەکانی گەل بەدوژمنێکی هەمیشەیی دەترسێنێ و زوو زووش بیریانی دەخاتەوە، چاکترین و نزیکترین دوژمنیشیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم کارە ئەویش گەلی جوولەکەیە.

## روانگەی پان ئیسلامیزم:

ئیسلامگەراکان کەتوخمێکی بنەڕەتیی و بەهێزی جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی عەرەبن، بەدیدو شێوەی تر لەدیدی ناسیۆنالیزم کاریگەرییان هەیە لەقوڵکردنەوەو وێناندنی شەیتانیانەی جوولەکە.
ئیسلامگەراکان کەنوێنەرایەتی جەمسەری کۆنسەڤاتیزمی کۆمەڵ دەکەن و بەرگری لەعادات و نەریتی کلاسیکی و باوی عەرەبی دەکەن و وەك نەریتی ئیسلام دەیبیننەوە، بەردەوام لەسەر ئەم وەتەرانە کار دەکەن و ئیحساساتی تاکی عەرەبی بۆ دوژمنایەتی جوولەکە دەورووژێنن.
روونتر بڵێین، بۆ نموونە ئیسلامگەراکان دەزانن کۆمەڵی عەرەبی بەتوندی پابەندە بەچەمکی ئەخلاقەوە دیارە ئەخلاقیش لەروئیای عەرەبیدا بەستراوەتەوە بەجەستەی مرۆڤ و مومارەسەی سێکسەوە، ئیسلامگەراکان دێن پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاو دەکەنەوە کەجوولەکەو زایۆنیزم لەپلانی بەردەوامدان بۆ دروستکردنی فەسادێکی ئەخلاقی لەکۆمەڵگە ئیسلامیی و عەرەبییەکاندا، جگە لەوەش ئیسلامگەراکان بەو پاساوەش رۆشنبیریی و شارستانی رۆژئاوا رەت دەکەنەوە کەسترۆکتۆری ئەو رۆشنبیرییە جوولەکەی لەپشتەوە وەستاوە ئەمەش مانای وایە رۆشنبیرییەکی لەخشتە بەرە، (د. فەرەج عەلی فۆدە) نموونەیەکی جوان لەمبارەیەوە دەهێنێتەوە کەچۆن ئیسلامگەراکان دەیانووت جولەکەکان دەڵێن مارکس و داروین و فرۆید هەرسێکیان لەخۆمانن و بۆ بەلادارێبردنی خەڵکانیتر دروستمان کردوون.

ئیسلامگەراكان بەرگوپۆشاكی ئاینی دەكەن بەبەری كێشەی نەتەوەیی و جوگرافی نێوان عەرەب - جوولەكە، ئەوانەی لەئۆرشەلیم خۆیان بەكاروانی سوپاو هاولاَتیانی سڤیلدا دەتەقێننەوە بەوشەی (الله اكبر) كارە كەئنجام دەدەن و بەئەركێكی ئاینی دەزانن و وەك شەهید بوونیش چاوی لێ دەكەن.
ئیسلامگەراكان تەگەرەی یەكەم و سەرەكی و دیاری شكست پێهێنانی هەوڵ و هەنگاوەكانی ئاشتین، ئەوان لەهەر چوارلای دینای عەرەب و ئیسلامییەوە بەناوی فەلەستین و دوژمنایەتی جوولەكەوە هاریكاریی مادی و لۆجیستی دەكرێن.
هەر لەبەرئەوەشی ئیسلامگەراكان بەچەشنی دەوڵەتە عەرەبییەكان شەرعیەتیان لەو كێشەیەوە وەرگرتووە مانەوەو بوونیان بەستراوەتەوە بەبوون و مانەوەی كێشەی عەرەب - ئیسرائیل.
راستییەكی حاشا هەڵنەگریش هەیە ئەگەر دوژمنایەتی جوولەكەو رۆژئاوا (كەبەلای ئەوانە داینەمۆكەی جوولەكەیە) نەمێنێ ئیسلامگەراكان ناتوانن بۆ تەنیا یەك خولەك لەژیاندا هەناسە بدەن، كەواتە ئیسلامگەراكان شەڕی مان و نەمان دەكەن.

## بیردۆزی موئامەرەو عەقڵی كلاسیكی عەرەبی:

بەشێك لەرۆشنبیرانی عەرەب، ئەوانەی ناسیۆنالیزمی پەڕگیرانە بەرچاوی لێڵ نەكردوون دركیان بەوە كردووە یەكێك لەئیشكالیەتە ناوەكی و سایكۆلۆژییەكانی گەلی عەرەب وێنەكێشانی دوژمنێكی یۆتۆپی و وەهمییە، ئەمە جۆرە ترسێكەو بۆتە بەشێك لەعەقڵ و ئایدیاو بیركردنەوەی گشتی عەرەب، هەر ئەم ئیكشالیەت و عەقڵیەتە كلاسیكیە وەهای لێكردوون بەچاوێكی دوژمنكارانەوە سەیری هەموو ئەوانی تری غەیرە عەرەب بكەن و بەمەترسی لەسەریان لەقەڵەمی بدەن، ئەم ئیشكالیەت و فۆبیایە زیاتر بەرامبەر بەئیسرائیل و رۆژئاواو لۆبی جولەكە لەوێ دورستكراوە، هەروەك بە بەرجەستەیی دەیبینین عەرەب لەخەیاڵدانی خۆیدا جگە لەوێنایەكی ئەهریمەنانە ناتوانێ تابلۆیەكی تری جولەكەو رۆژئاوا ببینێت، ئەم گرێ دەروونیە ئاڵۆزە لەهەموو چێوەكانی ژیانی سەرجەم ئەندامانی گەلی عەرەب رەنگی داوەتەوە رەگی داكوتیوە، بەپێی تێگەیشتنی هەندێك لەرۆشنبیرانی عەرەب بەتایبەتی ئیسلامییەكانی چەشنی (سید قوتب و محەمەد قوتب و فتحی یكن و عفیف عبدالفتاح و تاد. . ) جوولەكە لەهەوڵی بەردەوام دایەو داوی بەردەوام دادەنێ بۆ لەناوبردنی عەرەب و ناشیرینكردنی رووی ئاینی ئیسلام.
لەڕاستیشدا زۆر پێم سەیر بوو كاتێك كەخوێندمەوە عەرەبەكان نەسرانییەت (بەپێی وتەی ئەوان) بەبەشێك لەماسۆنییەت حسێب دەكەن، چونكێ ئەمە شتێكەو ناچێ بەعەقڵی هیچ كەسێكدا كە سێ ملیار مەسیحی لەجیهاندا داردەست و شاگردی 8-9 ملیۆن جوولەكە بن، و ئەمە هەر وەك ئەوە وایە بڵێین فلانە كوڕ حەوت ساڵ لەباوكی بەتەمەنترە.
ئەم بیردۆزی موئامەرەیە كە لەوانەیە كەمترین حەقیقەتی تێدا بێت لەواقیعدا دەوڵەتە عەرەبەكان و ئیسلامگەراكان بەمەبەستی درێژكردنەوەی بوونیان لەبەرهەمهێنانەوەی بەردەوامیدان، ئەوان ناتوانن بەبێ دوژمن بژین، چونكە دوژمن دروستی كردوون و شەرعییەتی بەبوونیان داوە.
لەوانەیە هەندێك رەوایی هەبێت لەو رقە ئەستورەی كەعەرەب بەرامبەر جوولەكە هەیەتی بەڵام دیسان دەبێ هێما بۆ ئەوە بكرێ ئەوە دەوڵەتانی عەرەبن نان بەم مەسەلەیەوە دەخۆن و خەڵكی بێ ماف و بێ بەش لەسەرەتایترین مومارەسەی ئازادی

سەرقاڵی ئازادی فەلەستین دەکەن و بەتلیاکی هەبوونی موئامەرەی دەرەکی مودمین و سەوداسەرییان دەکەن تا نەزانن چی رادەگوزەرێ لەژێر سایەی دەسەڵاتی ملهوڕو تۆتالیتاریی سەرانی عەرەبدا تا ئاگادار نەبن چۆن سەروەت و سامانی وڵات لەخزمەتی سەرانی دەسەڵاتدا تەخشان و پەخشان دەکرێ.
سەدام حسێن یەکێك لەو سەرکردانە بوو کەدەیویست لەرێگەی بەکارهێنانی کێشەی فەلەستین و هەبوونی پیلانی بەردەوامی جوولەکە لەدژی عەرەب ببێتە سیمبۆلێکی نەتەوەیی و گشتگیری عەرەب، هەر بەناوی پاراستنی یەکێتی عەرەب و موئامەرەی ئیمپریالیزم شەرعیەتی دابوو بەدەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆی، هەر ئەمەش وایلێکرد بەو هەموو ستەمکارییەی خۆیەوە زۆرترین هەوادارو لایەنگری هەبێت لەهەر چوار لای عەرەبیەوەو ئێستاش بەشێك لەوانە بەناوی (موقاوەمە) وە لەعێراق دژ بەهاوپەیمانان دەجەنگن.
ئەرکی رۆشنبیرانی عەرەبە هەوڵبدەن بۆ گۆڕینی ئەو خەیاڵدانە عەرەبییەی کەبەوەهمی دوژمن و موئامەرە ئاخنراوە، وەلێ ئەمە پێویستی بەزەمەن و شۆڕشێکی سەرتاپاگیر هەیە بەڵام کاری نەکردە نییە، رۆشنبیرانی عەرەب لەسەرشانیان کۆمەڵی عەرەبی بەو ئاقارەدا بەرن بەچاوی لۆژیك تەماشای دەوروبەری بکات نەك بەچاوی گومان و گرێی دەروونی.

## جوولەکە لەبەردەم چاویلکەی کوردیدا:

ئەگەر بەچاویلکەی کوردیش لەجوولەکە بڕوانین رەنگبێ لای ئێمەش هەمان ئیشکالییەت هەبێ کەلەلای عەرەبەکان هەیە، چونکێ باکگراوندی عەقڵیەت و رۆشنبیریمان عەرەبییە، یان بەمانایەکیتر هزرو رۆشنبیریی و خەیاڵدانمان گەمکردنە لەبازنەو خولگەی عەقڵیەتی عەرەبی و درێژکراوەی ئەوە.
لەدیدگای تاکی کرودیشەوە جوولەکە هەردەم وێنایەکی قێزەون و ناشیرینی هەبووەو هەرچی خووڕەوشتی و ئەدگاری ناشیرینی وەك ترسنۆکی و بەدفەساڵی و خۆپەرستی و بێ ئابڕوویی هەیە دراوەتە پاڵیان.
ئەگەر سەیری هەندێ رستە بکەین کە خەڵك لەژیانی رۆژانەییدا بەکاریدەهێنێ ئەو راستییەمان لەلا ئاشکراتر دەکات، لەکوردەواریدا دەوترێ (خۆ من جولەکە نیم) ئەم رستەیە لەکاتێکدا دەوترێ کەقسەکار تاوانێك یان ناهەقییەکی بەرامبەر ئەنجام بدرێ، عەرەب وتەنیش (والعکس الصحیح) واتە ئەگەر جوولەکە بوومایە شایستەی ئەوە بووم ئەو تاوانەم بەرامبەر بکرێت، ئەمەش رەوایبیدانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی نێگەتیڤ بەرامبەر بەجولەکە، بێگومانیش ئەمە زادەو هەڵقوڵاوی عەقڵی کلاسیکی و داخراویی کوردییە هەروەك وتمان بارگاوییە بەپان ئیسلامیزم و ناسیۆنالیزمی عەرەبی.
نەزعەیەکی تری بێ مانای ئارییاییەکان و نەتەوە هندۆ ئەوروپییەکان هەیە کەناوی ئەنتی سامیزمە، بەشێوەیەکی هەمەجی و عەفەوی لەلای تاکی کوردیش بوونی هەیە خاڵێکیتر هەیە ئەویش ئەوەیە بۆچی ئێمە وەك کورد پابەندین بەرادەی پەیوەندی عەرەبی بەجوولەکەوە ئەوان ئەگەر شەرێکی مێژوویی و خوێناویی لەنێوانیاندا هەیە ئەی ئێمە چیمان هەیە؟
ئەگەر جوولەکە بەوە تاوانبار دەکەین کەدەستی هەبووە لەپیلانی شومی ساڵی 1975 ی جەزائیر بۆ هەرەس پێهێنانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان، ئەی بەچی پاساوی ئەوە

بدەینەوە كوردو سەلاحودینی ئەیوبی بەناو سەركردەی كورد جولەكەیان لەناو بردووەو لەزادگەی رەسەنییان لەفەلەستین دەریانپەڕاندوون.
كاتی ئەوەش هاتووە كورد لەلای خۆیەوە چاوبخشێنێتەوە بەڕوئیای كلاسیكی خۆیدا لەبەرامبەر جوولەكە، چونكێ ئیمڕۆكە چانسێكی باش لەبەردەم هەردوولادا هەیە كەزیاتر لێك نزیك ببنەوەو پەیوەندی هاوبەش دروست بكەن.

## لێک چوون:

زۆر لایەن و رووداوی تراژیدیی هاوبەش لەنێوان كوردو جولەكە دا هەیە، هەردوولا دوو كەمینە بوون لەژێر دەسەڵاتی عەرەبدا ستەمیان لێكراوەو كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بێدەنگی لێكردووە.
ئەوانیش هەروەك كورد تا سەرەتای سەدەی بیستەم بێ دۆست و پشت و پەنا بوون و تەنانەت بێ چیاش بوون، هۆلۆكۆست پرۆسەیەكە هەر لەئەنفال دەچێ ئەو دوو پرۆسەیە هەر ناوەكانیان جیاوازە ئەگەرنا لەواقیعدا یەك شتن ئەویش كرداری ژینۆساید كردنە، جوولەكە بەعەقڵ و بیرو توانای ئابووریيان توانییان سەركەوتن بەدەست بهێنن لەكاتێكدا تا سەرەتای سەدەی بیستەم پێ پشت و پەنا بوون، كوردیش تەنیا بەبازووی خۆی هەوڵیداوە بەڵام لەدۆستایەتی و پشتگیرییدا دەیان ساڵ دوای جوولەكە ئاوڕی لێدرایەوە هەرچەندە ئەو ئاوڕدانەوەیە بەوشێوەیەی جوولەكەكان نەبوو.
جوولەكەكان قوربانیانی دەمارگیریی و راسیزم و ستەمی نەتەوە سەر دەستەكان بوون كوردەكانیش قوربانی هەمان شتن، جوولەكەكان هەموو رێگاكانی لەناوبردنیان لەسەر تاقیكرایەوە كوردیش هەر بەو جۆرە هەوڵی لەناوبردنی درا (ئەنفال و كیمیاران شاهیدە) كەواتە بەبێ ویستی هیچ لایەك كۆمەڵێك رووداو مێژوویی وێكچوو هەیە لەنێوان كوردو جولەكەدا.

## بەرژەوەندیی هاوبەش:

كورد ئێستا لەقۆناغی ئاوەدانكردنەوەو بنیاتنانی قەوارەی خۆیدایە و پێویستی زۆری بەدۆستایەتی و گرێبەندی هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەت و گەلانیتردا، بەحوكمی ئەوەی كە هەڵكەوتەی جوگرافیای كوردستان كەوتۆتە نێوان چەندین دەوڵەتی نەیارو داگیركەر كەئامادە نین مافی كورد لەچوارچێوەی وڵاتەكەیدا بەرەسمی بناسن جگای ئەوەی لەسەر ئاستێكی باڵا گرێبەندو پرۆژەی هاوبەشیان هەبێ، پێویستە كورد بەدوای دۆست و دەوڵەتی تردا بگەڕێت، یەكێكیش لەدەوڵەتە هەرە نزیكەكان لەكوردستانەوە ئیسرائیلە. . ئیسرائیل تاكە دەوڵەتی دیموكراتی و پێشكەوتووە لەناوچەكەداو دوارۆژێكی رۆشن و ئاسۆیەكی گەشیش هەیە لەبەردەمیدا، هەردوولا دەتوانن پێكەوە گرێبەندی بازرگانی و ئابووری ببەستن و پەیوەندی نزیك و دۆستانەیان لەگەڵ یەكتر هەبێت ئەمەش كاریگەریی راستەوخۆ دادەنێ لەسەرباری سیاسی و ئابوری كوردستان بەتایبەتی كەجوولەكەكان خاوەنی سێ لەسەر چواری سەرمایەی هەموو جیهانن و خاوەنی بەهێزترین عەقڵیەتی بازرگانی و ئابوری بازاڕن.

لەبواری زانست و تەكنەلۆژیادا جوولەكە یەكێكن لەنەتەوە پێشەنگەكان، لەسیاسەتیشدا لۆبی جوولەكە بەتایبەتی لەوڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا خاوەنی دەسەڵاتێكی بەرفراوانەوەو كاریگەریی قورسایی خۆیانیان هەیە.
دوای ئەوەش مەرج نییە كورد بەتەنێ لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندی دۆستانەی هەبێ و گرێبەندی لەگەڵ ببەستێ، بەڵكو پێویستە لەگەڵ چەنیدن وڵاتیتر پەیوەندی دۆستایەتی و بازرگانی و كۆنتراكتی ئابوری و سیاسی هەبێ، نەك كورد پەیوەندی لەگەڵ جوولەكە بكاتە قوربانی ویستی عەرەب و ئاوەزی كۆنسەرڤاتیزمی كوردەواریی.

## دۆسێی فەلەستین و ئەدەبی بەرگری كوردی:

ئەو دیمەنە توندوتیژانەی كەلەڕێی تیڤی - یەكانەوە دەیبینین گەلێك راستن، كەسەربازانی جوولەكە بەچ جۆرێك سەركوتی خەڵكی فەلەستین دەكەن، وەلێ ئەم حاڵەتانە پەرچەكرداره نەك كردار، بەڵام هێشتا ئەمە مانای شەرعیەتدان نییە بەو حاڵەتە.
ئەدەبی بەرگری كوردی بەش و رەگەزێكی هەره سەرەكی پێكهاتووه لەئەدەبی دیفاع كردن لەفەلەستین جا لەشیعرو چیرۆكەوە بیگره تا دەگات بەنۆڤلێت و رۆمان.
هەروەها چەندان شۆرشگێڕی كورد لەكوردستانەوە چوونەتە فەلەستین و دیفاعیان لەو وڵاتە كردووه، دروست بەپێچەوانەوە هەر فەلەستینییەكان بەتایبەتی ئەوانەی لەعێراق بوون دوژمنی سەرسەختی كورد بوون، لەئاستی رۆشنبیرانیشیاندا ئەوەتا (ئیدوارد سەعید) نكۆڵی لەوە دەكرد عێراق بەچەكی كیمیایی و قەدەغەكراو لەهەڵەبجەی دا بێت.
لەلایەكی ترەوە ئەو مەرگەساتانەی بەسەر كورد هاتووه لەعێراق و ئێران و سوریاو توركیا چەند جار زیاتره لەوەی فەلەستین، كەسێك نەبوو دیمەنی تراژیدییەكانی كورد بخاتە بەدرەم ویژدانی مرۆڤایەتی و كۆمەڵی نێودەوڵەتی، لوتكەو یەكێتی عەرەب بێدەنگی دایگرت، سەرانی وڵاتانی ئیسلامی دەمی خۆیان دووری، بگره نەك هەر داكۆكییان لێنەكردین بەڵكو وەك دوژمنی خواو ئیسلام چەپڵەیان بۆ مەرگی هەزارانمان لێدا.

## كۆمەڵەی دۆستایەتی و هاریكاریی:

یەكێك لەو كەناڵە گرنگانەی پەیوەندیی نێوگەلان و نەتەوە ژێر دەستەكان دامەزراندنی كۆمەڵەو یانەی دۆستایەتی و هاریكاریی و یەكتر ناسینە، ئەمەش بۆ دروستكردنی فیدراسیۆنێكی فراوان لەنێوان ئەو گەلانەدا بۆ بەگژاچوونەوەی ستەم و توندوتیژیی لەسەر هەریەكێكیان هەروەها دەبێتە رایەڵێكی بەهێز بۆ تێگەیشتن لەدۆخ و باری سیاسی و ئابوری هەر یەكێك لەو نەتەوەو رەگەزانە، بۆ زیاتر سود وەرگرتنیش لەئەزموونی سیاسی و فەرهەنگی یەكترو لێك نزیك بوونەوەی زیاتر لەپێناوی ئامانجی هەر لایەكدا.
ئەمرۆش لەكوردستان هەلومەرجی دروستكردنی كۆمەڵەو یانەی لەمجۆره هاتۆتە پێشەوە یان بەمانایەكی زەرورەتی ئەو یانەو كۆمەڵانە هاتۆتە پێشەوە. یەكێكیش لەو گەلانەی كەدەبێ لەلیستی یەكەمدا بێ بۆ هەڵبژاردنی لەلایەن كوردەوە گەلی جوولەكەیە، جگە لەجوولەكەش هەقوایە ئەم هەنگاوە پەل بهاوێ بۆ لای گەلانی تری وەك ئەرمەن و ئاشوریی و ئازەری و بلوج و تاد..

هەموو ئەمانەش کارتێکردنیان هەیە لەگۆڕینەوەی دیدو بۆچوونەکان و سوودوەرگرتن لەشارستانێتی و کەلەپورو مێژووی یەکتر، لەم چوارچێوەیەشدا کورد دەتوانێ سودێکی زۆر وەربگرێت لەئەزموونی جوولەکە لەپێناو دروستکردنی دەوڵەت و دەتوانێ هەموو ئەو ئالیەتانە بناسێنێ کەبوونە مایەی رابوونی گەلی یەهودو سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی لەلایان.

## دانپیانانێکی شەخسی:

لەم چاپتەرەدا دەمەوێ دانپیانانێکی شەخسی خۆم بخەمەڕوو ئەویش ئەوەیە: من وەك تاکێکی کورد جوولەکەم خۆشدەوێت (هەرچەندە ئەم وشەیە زۆر میللی و کلاسیکییە چونکە لە سیاسەتدا دوو شت بوونی نییە - خۆشەویستی و مۆرال) بەڵام من جوولەکەم خۆشدەوێ وەك ئەوەی ئەوان پێشەنگی زانست و فەلسەفەو مەعریفە بوون، ئەوان توانییان بەژیریی و دانایی خۆیان هاوڕەگەزەکانیان لەهەر چوار لای گێتی لەژێر چەتری نیشتمانێکی نەتەوەییدا کۆبکەنەوە، من (هێرتزل) م خۆشدەوێ و حەزم دەکرد ئەو سەرکردەی من بوایە لەبری ئەو هەموو سەرکردە زۆرانەی کەهەریەکەی چەند رۆژێکی ساڵ بۆ یادکردنەوەیان کراوەتە پشووی رەسمی و هیچیشیان بۆ کورد نەکردووە، حەزم دەکرد (مەناحیم بیکن) سەرۆکی وڵاتەکەم بوایە نەك ئەوانەی دەستیان سوورە لەخوێنی یەکتردا.
مرۆڤایەتی قەرزاری جوولەکەیەو چاکەیان هەیە بەسەر هەریەکێکمانەوە، لەوە زیاتریش رەنگبێ جولەکە و هێزی جوولەکە وایکردبێت کەئێمە لەم بەشە نیشتمانەی خۆماندا وا بەسەربەستی بژین، نازانم وایە یان نا؟ بەڵام زۆر گومانم هەیە جگە لەجوولەکە بەرگریکارێکی ترمان هەبێت.